السيد الحكيم يزور مدينة حلبجة ويؤكد على أهمية تطوير المدينة وتحقيق العدالة لشهدائها

لەمیانەی سەردانەکەی بۆ شاری هەڵەبجە، بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانەتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی چاوی کەوت بە ئەندامانی حکومەتی نوێی شارەکە و بەڕێوەبەرانی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان، سەماحەتی خۆشحاڵی خۆی بە پێشوتنی بیناسازی شارەکە دەربڕی و دووپاتی کردەوە کە هەڵەبجە پێویستی بە پتەوکردنی ژێرخان هەیە، داواشی کرد سەنتەری زیاتری پزیشکی و شیاندنی دەروونی و سەنتەری کۆشوهەوا بکرێتەوە و گوتیشی هەموو هەوڵ لە ئارادایە تا هەڵەبجە بکرێتە پارێزگایەکی عیراقی ئەوەش هەڵی وەبەرهێنان و شایستەی دارایی زیاتر دەکات، ئەوەش باشترین خەڵات و ڕێزلێنانە بە شەهیدانی ئەو شارە.

سەماحەتی حەکیم ڕوونیکردەوە کە ئامادەبوونی سەردانی کردنی ئەو شارە بەڵگەیەکە بە دڵنەوایی کردنی شەهیدان و هاوخەمییان لەگەڵ خەڵکی هەڵەبجە، ئاماژەشی کرد کە ئەو سەردانە پەیامێکی ئاشتی و بەیەکەوە ژیانی هەڵگرتوە بە ڕێکانی گەلی عێراق بە هەموو پێکهاتەکانی، هەروەها دووپاتی کردەوە کە پێویستە تاوانی هەڵەبجە بە زیندوویی لە ویژانی مرۆڤایەتی بهێڵینەوە تا ببێتە پەندێك بە دووبارە نەبوونەوەی ئەم جۆرە تاوانانە.

سەماحەتی حەکیم گوتیشی ژێمی پێشوو پە بوو لە زوڵم و قەهر جەختیشی کردەوە لەسەر بەبیرهێنانەوەی ئەم جۆرە تاوانانە بە ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، لەم ڕوانگەیەش ئاماژەی بەوە کرد کە گەلی لوبنانی و فەلەستینی تێپەڕە دەبێت لە تاوانی جینۆ ساید و کەمە کوژی بەبەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراو.

سەماحەتی باسی ساتی سەرکایەتی کردنی کاری تیمی دەکەمنتکردنی تاوانی هەڵەبجەی لە کاتی خۆی کرد و گوتی لە نەخۆشخانەکانی تاران دەگەڵ این بە ئەوەی وێنە بگرین و زانیاری لەسەر شەهیدان تۆمار بکەین، دووپاتیشی کردەوە کە گرنگە ئەو یادەوەریانە بەدەکەمنت بکرێن تا ببنە گەواهیدەری ئەو تاوانە قێزەونە.